

# نەمریی ڕۆح

# لای ئەفلاتون- سوقرات

## مردنی مرۆڤ تەنها جوودابوونەوەی ڕۆحە لە جەستە

ئامادەکردنی لە ئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح

لەچاو ئەو سەرنجە زیندووەی کە لە سەرجەمی گفتوگۆکانی ئەفلاتون، سەبارەت بە خودی نوسەر بۆمان بەجێماوە، ڕاسنی و وردەکاریی ئەو نۆبیۆگرافییەکانمان بە کەموکوڕی بەدەست گەیشتوون. ئەفلاتون لە ساڵی ٤٢٧/٤٢٨ پ.ز. وەکو وەچەی نەماڵەیەکی نەجیبزادە لە شاری ئەسینا، یاخود بەپێی سەرچاوەی دیکە لە شاری ئایجینا لەدایک بووە. ئاریسنۆنی باوکی زوو مردووە، پێریکسیۆنی دایکی شووی دووهەمی بە پیریلامپێسی مامی خۆی کردووەتەوە، کە هاوڕێیەکی زەنگینی پێریکلێس بووە. خارمیدێسی برا و کرینیاسی ئامۆزای دایکی ئەفلاتون لە ساڵی ٤٠٣/٤٠٤ پ.ز. سەرکردەی جەنگە خوێناوییەکەی ئۆلیگارشییەکان بوون، و لە جەنگێکدا کە بەرامبەر دیموکراتەکان شکسنیانهێنا، کرینیاسی ئامۆزای گیانی لەدەسندا.

ئەفلاتون لە دیالۆگەکانیدا ئەندامانی خێزانەکەی دەکاتە هاودەمی گفتوگۆکانی سـوقـراط: خارمیدێس و کرینیاس لە دیالۆگی (خارمیدێس) دا، برا گەورەکانی کە ناویان ئادێیمانتۆس و گلاوکۆن بووە لە (دەوڵـەت) دا، دێمۆسی زڕبـرای لە (گۆرگیاس) دا و ئانتیفۆنی زڕبراشی لە (پارمانیدێس) دا.

ئەفلاتون بە خزمایەتی گەیشتووەتەوە بە هەردوو فراکسیۆنی سیاسی ئەوسای ئـەسـینـا، ئۆلـیـگـارشـیـیـەکـان و هـەم دیموکراتەکانیش، واتـا ڕێچکەیەکی پیشەگەری سیاسی بۆ کوڕێکی گەنجی هێند بە ئوانا و بەهرەداری وەک ئەفلاتون کارێکی ئەستەم نەبووە. لە (نامەی حەوتەم) ی بەناوبانگی ئەفلاتوندا، کە دروستی و ساختەیی هێشتا یەکلایی نەکراوەتەوە، بـەڵام هەمانکاتیش زانیارییەکانی ناوەڕۆکەکەی دەچنەوە سەر دەوروبەری ئەوسای خۆی، ئەفلاتون بڕیاری خۆی دژ بە چالاکی سیاسی دەگەڕێنێتەوە، بۆ ئەو ئەزمونەی کە سوقراط لە سەردەمی حوکمی ئۆلیگاریشییەکاندا ژیانی کەوتووەتە مەترسییەوە، دواتر لەلایەن دیموکراتەکانەوە لە پرۆسەیەکی دادگاییدا ئێوەگلێنراوە و بڕیاری کوشتنی دەرکراوە (نامەی حەوتەم، ٣٢٤ب-٣٢٦ب). نەوەک کـرداری ڕاسـتـەوخـۆی سیاسی، بەڵکو بیرکردنەوە بۆ بەدەستهێنانی بنەمای نوێی سیاسی بۆ پلاتۆن جێی گرنگیدان بووە، تاوەکو کۆمەڵگەیەک ڕزگـار بکاط، کە لینگاوقوچییەکەی هەر لەوەدا دەرکەوتووە کە نەیویستووە، یاخود نەیتوانیووە کەسێکی وەک سوقراط لەخۆی بگرێت.

بینینی سـوقـراط (نێزیکەی ٤٠٤ پ.ز.)، پێدەچێت لـەڕێـی کرینیاس یان خارمیدێسەوە بووبێت، گرنگترین و دەرەنجامدارترین ڕووداوی ژیانی ئەفلاتون بووە. لەپاش مەرگی سوقراط لە ساڵی ٣٩٩ پ.ز. دا خۆی بە جێگری بانگهێشتکراوی ڕاستەقینەی ئەو زانیووە، کە دیالۆگی (فایدۆن) زەقترین بەڵگەی ئەم ڕاستییەیە. دیالۆگەکانی ئەفلاتون (بە ژمارە ٢٨ دانە)، کە پێدەچێت لەپاش مەرگی سوقراط نوسیبنی، بێگومان وەک درێـژەی کاریگەری تایبەتی سوقراتیش تـەمـاشـاکـراون، کە تیایاندا (تەنها لە هەندێک لە دیالۆگەکانی کۆتاییدا نەبێت) ڕۆڵی سەرەکی و فەرمانڕەوا دەبینێت. کاتێک ئەفلاتون لە نامەی حەوتەمدا هێند بە جەختەوە پێداگری لەوە دەکاتەوە، کە نوسینەکان لە کاریگەریدا ناگەن بە ئاستی بەهێزیی قسەکان، ئەوا ئەفلاتون هەڵبەن لەگەڵ ئەوەدا کاریگەری قسەکانی سوقراتی هێشتا لەبەرچاودا ماوە.

ئەفلاتون، هەروەک شوێنکەوتووەکانی دیکەی سـوقـراط، لەپاش حوکمدران و کوشتنی، بـۆ مـاوەیـەک ئەسینای

**ئەفلاتون نەیتوانی خۆی لە پراکتیزەکردنی سیاسەت بدزێتەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی ئەکادیمیاکەی ناوبانگێکی پەیدا کرد**

جێهێشتووە. ڕێی تێدەچێت لە مێگارا لای ئۆیلکایدێس بووبێت. چەند پەیامێکی سەردەمی ئاتنیک ئاماژە بە گەشتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن (شتێکی ئاسنەمە)، میسر (ڕێتێدەچێت)، بەڵام بەتایبەتی بۆ خواروی ئیتالیا و سیسیلیا. لەو ناوچانەدا ئەفلاتون بە فەلسەفەی ئیلیاتی، واتا بەتایبەتی بە فەلسەفەی پارمانیدێس ئاشنا بووە، کە شانبەشانی سوقرات مەزنترین کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی هەبووە. ئەفلاتون هەر لەوێ پەیوەندی بە پیتاگۆرییەکانیشەوە کردووە. دەبێت سەردەمێکیشی لە کۆشکی دیۆنیسۆیسی یەکەمدا بەسەربردبێت. دواجار پەیوەندی زەینیی لەگەڵ (دیۆن) ی ئەمەن بیست ساڵی زاوای دیۆنیسۆیسدا ئەفلاتونی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا تێوەگلاند. نێزیکی ساڵی ٣٨٧ پ.ز. لەلایەن دیۆنیسۆیسەوە بەناخۆشی ئیزندرا، پاشان ٣٨٥ لە ئەسینا لەسەر نەخشەی پیتاگۆری کۆمەڵگەیەکی ئەکادیمیۆسەوە بۆ تۆێژەرەوە و فێرخوازان دامەزراند بەناوی. ئەو دەزگایە کە وێنەی باپیرەی زانکۆکانی ئەوروپایە، نۆ سەد ساڵ خۆی گرت، هەتا ساڵی ٥٢٩ ز لەلایەن قەیسەر یوستینیانەوە هەڵوەشێنرایەوە. کاری وانەوتنەوە لە ئەکادیمی و کاری نووسین لە ساڵی ٣٦٧-٣٦٥ پ.ز بەهۆی گەشتێکی دیکەوە بەرەو ناوچەکانی سیکاروس ڕاگیران. لەوێ لەپاش مەرگی دیۆنیسیۆسی یەکەم، کوڕەکەی، واتا دیۆنیسیۆسی دووهەم حوکمڕانی گرتبووە دەست؛ بەم کارە دیۆن هیوادار بوو لەڕێی کاریگەرییەوە بۆ سەر ئەو فەرمانڕەوا گەنجە، کە بەهرەی فەلسەفی و ئارەزووی نیشاندەدا، لە بەرژەوەندی سیاسەتێکی ڕاسیۆنالدا کاریگەریی و دەسنرۆیشتوویی بەدەستبهێنێت. بەو شێوەیە ئەفلاتون نەیتوانی خۆی لە پراکتیزەکردنی سیاسەت بدزێتەوە، بەتایبەتی لەپاش ئەوەی ئەکادیمیاکەی وەک شوێنێک بۆ پەروەردەکردنی سیاسەتمەدارانی دواڕۆژ ناوبانگێکی ڕەچاوی پەیدا کردبوو، بێگومان ئەو خەیاڵ و پلاوی سەبارەت بەو سەرکەوتنانە لێنەداوە؛ کارەکە بە جەنگێکی دەسەڵات لەنێوان دیۆن و دیۆنیسۆیسی لاودا کۆتایی هات و دواجار دیۆن لە سیکاروس دەربەدەرکرا. تەنانەت سێهەم گەشتی ئەفلاتون بۆ سیسیلیا (٣٦١-٣٦٠) نەبووە هۆکاری ئاشتبوونەوەیان. ٣٥٧ پ.ز دیۆن لە کۆدەتایەکدا سیکاروسی ژێردەستە کرد، بەڵام ٣٥٤ بە دەستی ئەکادێمیکارێک بەناوی کالیپۆسەوە کوژرا. کارێکی ئەستەمە بتوانین خۆمان لەو هەستە گێژ بکەین، کە دواتر دیۆن لەڕاستیدا پتر سەرقاڵی دەسەڵاتێکی سیاسی بێڕەحمانە بووە و پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەفلاتوندا بەر لە هەر شتێک وەک کەرەستەیەک بۆ حیسابە سیاسیەکانی خۆی بەکارهێناوە، خودی ئەفلاتون ئەو حەقیقەتەی نەبینیوە، یاخود نەیویستووە ببینێت.

ئەفلاتون ٣٤٧/٣٤٨ پ.ز، لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا مردووە، ڕەنگە هەتا کۆتایی ژیانی بە تەندروستییەکی تەواوەوە سەرقاڵی بیرکردنەوە و نووسین بووبێت. (نۆمۆی) واتا (یاساکان) کە یەکێک بووە لە کارە هەرە گرنگەکانی، کە تیادا ئاماژەی بە ئەزموونەکانی خۆی لە سیکاروس کردووە، سەرەتا لەپاش مەرگی خۆی بڵاوکراوەتەوە. کاری بەڕێوەبردنی ئەکادیمی لەپاش خۆی کەوتووەتە دەستی سپۆیسیپۆیسی برازایەوە، نەک ئەریستۆ کە لەڕاستیدا ئەوکات گرنگترین قوتابی ئەفلاتون بووە. هەڵبەت لە هەڵبژاردنی جێگرەکەیدا کێشەی

یاسایی هاتووونەتە کایەوە، نەوەک جیاوازی بیروڕا لەنێوان ئەفلاتون و ئەریستۆدا (ئەریستۆ هاووڵاتی ئەسینایی نەبووە).

لەم نووسینەدا هەوڵی وردبوونەوەیەک دەدرێت لەسەر ئەو ئارگومێنت و بەڵگانەی کە ئەفلاتون لە (فایدۆن) دا لە دەمی سوقراتەوە لە ڕۆژی مردنی سوقراتدا لە مشتومڕێکدا سەبارەت بە نەمری ڕۆح دەیهێنێتەوە:

ئەفلاتون کەمێک پاش نووسینی (گۆرگیاس) لە دیالۆگی فایدۆندا، پێچەوانەی جەستە و ڕۆح، جیهانی ئەزمون و واقیعی (ڕاستەقینە) و پەیوەندییە سیستەماتیکییەکانی نێوان بینراویی و نەگۆڕی و کەماڵی بە چەشنێکی ڕوون نەشەنە پێدەدات. لێرەدا ناتوانرێت لەنزیکەوە ئاوڕ لە چیرۆکە غەمگینەکەی دواهەمین ڕۆژی سوقرات لە بەندینخانەدا و مەرگی لەناو بازنەی هاوڕێکانیدا بدرێتەوە، کۆتایی و هەمانکات تەواوکردنی ژیانی. ئەم تێکستە لەپاڵ واتا و گرنگییە فەلسەفییەکەدا هەمانکات، یەکێکە لە شاکارە جیهانییەکان. ئێمە لێرەدا سنووری خۆمان بەدەوری ناوەڕۆکی تیۆرییەکاندا ڕادەگرین و هەوڵدەدەین نەیبەزێنین، واتا لە چوارچێوەی چوار بەڵگەی نەمرییەکەدا. پرسی درێژەدان بەبوونی تاکەکەسی مرۆڤ لەپاش مەرگ، لەڕێی بارودۆخەکەی ئەوسای سوقراتەوە شیدەکرێنەوە و دەخرێنە ڕوو.


سوقرات

سوقرات دەیەوێت بەر لە ماڵئاوایی بەو بیرۆکەیە دڵنەوایی هاوڕێکانی بداتەوە، کە ئەم لە هەموو حاڵەتەکاندا لە چاوەڕوانی کارەساتێکدا نییە. ئەو پێیوایە دەبێت فەیلەسوفێک لەڕاستیدا خۆشحاڵانە جیهانی سەرزەمینی و ناتەواو بەجێبهێڵێت، ئەگەرچی لەبەر ڕێزی خوداوەندەکان بۆی نەبێت بەدەستی خۆی، خۆی لە ژیان جودابکاتەوە. ئەمە بەبێ بەڵێ و باقی هیچ شتێک بە هاوڕێکانی ناسەلمێنێت، بەو شێوەیە سیناریۆی دادگاییکردنەکەی (عوزورخوایی) لێرەدا تەواو پێچەوانە دەبێتەوە (فایدۆن ٦٣ب) لە عوزورخواییدا گەلی توورە دەیەوێت حوکمی کوشتنی بەسەردا بدات و سوقراتیش ئەرکی ئەوەبووە ئەسینایییەکان بهێنێتە یەقین، کە بۆ ئەوان، واتا ئەسینایییەکان چاترە لێیگەڕێن لە ناو ئەو شارەدا درێژە بە ژیانی بدات. هەڵبەت لەوەدا شکستی خواردووە. ئێستا لێرەدا



سوقرات

دەبێت ئەوە نیشانی هاوڕێکانی بدات، کە خواستی هەنوکەی بۆ مردن کنومت هێندەی خواستی ئەوسای ڕەوایە بۆ درێژەدان بە ژیان لەگەڵ هاونیشتیمانیانیدا، بێگومان لەپێناوی ئەرکەکەی ژیانیدا. ئەم جارەیان سوقرات لە بەیەقین گەیاندنی (دادوەرەکانیدا) سەرکەوتووەدەبێت. ئەو بە پێناسەی مەرگ وەک جوودابوونەوەی ڕۆح لە جەستە دەستپێدەکات. ئەم بۆچوونە وێنایەکی کۆنی گریکییە، بەڵام بازنەی کلتوری گریکییەکانی زیادە بەزاندووە. لای هۆمێر، کە پشتگیری لەو بۆچوونە دەکات، ڕۆح سێبەرێکی لاوەکی جەستەیە و بە ناڵەناڵ دەچێتە بنزەمینی مردوانەوە، لە کاتێکدا خودی مرۆڤ، واتا جەستە دەنێژرێت، یاخود دەسووتێنرێت. لای ئەفلاتون، جا ئیدی بەهۆی هەر کاریگەرییەکەوە بووبێت (پیتاگۆری، یاخود ئۆرفیکی) بابەتەکە پێچەوانە بووەتەوە: لێرەدا ڕۆح سەنتەرە، مرۆڤی ڕاستەقینەیە، جەستە تەنها قەپاغە لاوەکییە زەمینییەکەیەتی. فەیلەسوف بەر لە هەر شتێک بۆ تێگەیشتن کۆشش دەکات. بۆ ئەو مەبەستەش، ئەمە بە بۆچوونی سوقرات، جەستە ڕێگای لێگرتووە: هەڵبەت بەهۆی پێداویستی و ئەماحەوە ئەو ئارامییە دەشێوێنێت کە بۆ تێگەیشتنێکی زاف پێویستە. لەگەڵ ئەوەشدا بە قسەی سوقرات، ئەو زانیاریانەی کە هەستەوەرەکانمان پێماندەگەیەنن، تەڵخ و لێڵن و بە سەهومان دەبەن و ڕاستی نەک لە ڕێگەی ئەزمونی هەستەوەرەکانەوە، بەڵکو لەڕێگەی بیرکردنەوەیەکی زافەوە بەدەستدەهێنرێت. بەو شێوەیە تێگەیشتنی کامل دەتوانرێت تەنها لەپاش جوودابوونەوەی ڕۆح لە جەستە بەدەستبهێنرێت، لەبەرئەوە دەبێت فەیلەسوفی ڕاستەقینە، کە هەر لە ژیاندا جوودابوونەوەی ڕۆح لە جەستە لەپێناوی ئازادی ڕۆحدا وەک ئەرکی سەرەکی خۆی دەبینێت، وەک کۆتاییەکی بەخێرهاتووی زەحمەت و کۆششەکانی خۆی پێشوازی لە مەرگ بکات، لانی کەم لە هەموو حاڵەتەکاندا بە ئارامییەوە وەریبگرێت.

لێرەدا چەند مەرجێک دەهێنرێنەوە کە بۆ درێژەدان بە بەڵگەهێنانەوەکانی سوقرات گرنگیەکی زۆریان هەیە: هەستەوەر زانیارییەک بەدەستەوە نادات، کە فەیلەسوف بە زانستێکی ڕاستەقینە بگەیەنێت. زانستی ڕاستەقینە تەنها لەڕێی

بیرکردنەوەوە پەیدا دەبێت. ئەوەی کە شتگەلێکی کۆنکرێتی جیاواز جیاواز لە ئارادان، کە تەنها بە چاوی زەین و ڕۆح پەییان دەبینرێن و بە هەستەوەرەکانی دیکەی جەستە پەییان پێ نابرێت، ئێزێکە کە لەلایەن هەردوو بەشداری سەرکەی گفتوگۆکە، واتا سیمیاس و کێبێس بێ چەندوچوون قبوڵ دەکرێت. تەنها لەڕێگەی مەرگەوە، لەڕێگەی جوودا بوونەوەی ڕۆح لە جەنستە سوقرات، واتا فەیلەسووف زانینەکانی خۆی بگەیەنێتە تەواویی. سیمیاس و کێبێس لێرەدا بەرپەرچەکەیان لەوەدایە کە دەڵێن، سەرەتا دەبێت بسەلمێنرێت کە ڕۆح بەرگەی ئەو جوودابوونەوە دەگرێت و درێژە بە بوونی خۆی دەدات. ئەمە خاڵی سەرەتای ئەو چوار بەڵگەیەیە، کە سوقرات/ ئەفلاتون بۆ ئێزی نەمری ڕۆحی مرۆڤ دەیهێنێتەوە. ئێمە لێرەدە دەمانەوێت زۆر بە کورتی ڕوونیان بکەینەوە و بەهێزی و لاوازیان هەڵبسەنگێنین. ئەو ڕاستییەی کە چوار بەڵگەن وا دەکات مرۆڤ گومانی لەوە هەبێت، کە ئەفلاتون سەرەتا تەشەنەی بە سیانیان دابێت و لەکۆتاییدا ڕەزامەندی تەواوی لەسەریان نەبووبێت. چوارەم بەڵگەی لێ دەرچێت، هەرسێ بەڵگەکەی دیکە بە چەشنێک بەرپەرچ دەدرێنەوە، کە مرۆڤ ناتوانێت هێند بە ئاسانی وەلایان نێت.

ئەفلاتون پێیوایە ئارگومێنتەکان، ئەگەرچی بە تەنها توانای ئەوەیان نەبێت، مرۆڤ بگەیەننە یەقین، ئەوا هەموویان بەیەکەوە لە کۆدا، دەتوانن دروستی ئێزێک بسەلمێنن. ئەوەش شایەنی قبوڵکردنە لە حاڵەتی قبوڵکردن، یاخود ڕەتکردنەوەی ئێزێکدا، ئەویش گەر لەبەر هۆکاری پراکتیکی زەرووریەتی هەبێت، بۆ نمونە لەپێش دادگا، لەکاتێکدا بەڵگەکان بەرامبەر بە یەک دەخرێنە سەر تەرازوو و دادگا بڕیاری خۆی دەدات. لە مەسەلەی پزیشکیشدا هەر هەمان شێوەیە، لە کاتێکدا دەستنیشانکردنی نەخۆشییەک لەکاتی مەترسی ژیانی نەخۆشەکەدا لەژێر فشاری کاتدا ڕوودەدات، بەڵام لە زانستی تیۆریدا مانایەکی ئەوتۆ نایات بەدەستەوە، بەکورتی: کۆمەڵێک بەڵگەی لاواز هەموویان پێکڕا ناتوانن دەستیان بە یەک ئاقە بەڵگەی بەهێز بەتەنها بگات.

**یەکەم بەڵگە:**

هەر شتێک کە دروستدەبێت، بە پێچەوانەکەی خۆیەوە دروستدەبێت، گەر شتێکی وا لەئارادا هەبێت. جوان لە ناشرینەوە، یەکسان لە نایەکسانەوە، ئەوەی کە ئێستا گەورە بووە، ڕۆژێک لە ڕۆژان بچووک بووە، بەهێز دەبێت پێشتر لاواز بووبێت. لەهەر کوێیەک پەڕینەوەیەکی لەو چەشنە لە خاڵی ئەلفەوە بۆ خاڵی با

> لەنێوان هۆشیاری و نوستندا، پردێك هەیە بەرەو هەردوو ئاڕستە، ئێمە ناومان لێناون بەخەبەرهاتن و نووستن و بە پردی نێوان زیندو و مردوو ئاشناین، ئەویش مردنە

هەبێت، ئەوا دەبێت ڕێگایەکی گەڕانەوەش لە خاڵی (با) وە بۆ خاڵی ئەلف هەبێت.

وەک چۆن بەخەبەرهاتن پێچەوانەی نووستنە، بەو چەشنەیش ژیان دۆخی پێچەوانەی مەرگە. لەنێوان هۆشیاری و نووستن دا، پردێک هەیە بەرەو هەردوو ئارستە، ئێمە ناومان لێناون بەخەبەرهاتن و نووستن. بە پردی نێوان زیندوو و مردوو ئاشناین، ئەویش مردنە. بەهۆی ئەو ڕستە گشتگیرەوە دەبێت بزانین، کە ئاراستە پێچەوانەکەش دەبێت بوونی هەبێت. ئەو ئاراستەی پەڕینەوەیە زیندوو بوونەوەیە. مردنی مرۆڤ تەنها جوودابوونەوەی ڕۆحە لە جەستە، لەدایکبوونیش تەنها یەکگرتنەوەی ڕۆح و جەستەیە لە مرۆڤێکی

**ئێمە لەناو کەرەستە و مادەی ئەزموونکراودا، هەرگیز دوو شت نادۆزینەوە، کە لە هەموو ڕوویەکەوە یەکسان بن**

دیکەدا، هەروەک چۆن نووسنن و بەخەبەرهاتن گۆڕانی دۆخی مرۆڤێکی ئیندیڤیدواڵە، بۆیە دەبێت ڕۆحەکانمان لەپاش مەرگ لە جێیەک لە جێگەکان بن، بۆ ئەوەی لەوێوە بتوانن سەرلەنوێ بگەڕێنەوە بۆناو جیهانی ژیان.

ئەم بەڵگەیە لەلایەن بیرۆکەیەکی دیکەی سوقراتەوە پشتڕاست دەکرێنەوە؛ گەر وا نەبووایە، گەر پێچەوانەکان لەناو بازنەدا خۆیان ئەرازوو نەکەنەوە، ئەوا بوون و تێپەڕبوون شەقامێکی یەک ئاراستە دەبوو (ئەم دەستەواژەیە تەنها بۆ مەبەستی بەسەردەمی کردنی مەبەستی ئەفلاتون، یاخود سوقراتە)، ئەوا کار دەگاتە دۆخێکی بنبەست کە ژیانی نوێ چیدیکە دروست نابێت، کەوابێت دەبێت لەنێوان ژیان و مەرگ، هەروەک لەنێوان نووستن و بەخەبەرهاتندا بازنە و ئاڵوگۆڕێکی ئەبەدی بوونی هەبێت.

دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانی ئەم بەڵگەیە کارێکی ئاسانە:

یەکەم: بۆ هەموو پرۆسەیەک خاڵی گەڕانەوە نییە، بۆ نمونە پیر بوون. ئەمڕۆ زانستی فیزیا بە دڵنیاییەوە دەیسەلمێنێت کە گۆڕانی دۆخی فۆڕمی وزە بۆ گەرمی ناتوانرێت بگەڕێنرێنەوە. قسەیەک کە وترا، کارێک کە کرا گەڕانەوەی بۆ نییە، ئەوپەڕی مرۆڤ دەتوانێت پەشیمان بێتەوە و بۆ دواڕۆژ دەرسی لێ وەرگرێت. دووەم: ئەو جێیانەش کە ڕێگای گەڕانەوەی تیادایە مەرج نییە گەڕانەوە ڕووبدات. ئەوەی ئەندرووست بێت، دەشێت نەخۆش بکەوێت، گەر بەختی هەبێت چاک دەبێتەوە، بەڵام نەخۆشی لەباریشیدایە بتکوژێت. مرۆڤ ناتوانێت نووستن و هۆشیاری لەگەڵ مەرگ و ژیاندا بەراورد بکات، چونکە نووستن پێناسەکەی لەوەدایە کە دەتوانیت لە هەر کاتێکی دیارینەکراودا نووسنووەکە بەخەبەربهێنیت، بۆیە کاتێک کەسێک لە کۆمادایە ناتوانین بڵێین نووستووە، بۆیە ئەم بەڵگە فەلسەفی-سرووشتییەی نەمری ڕۆح دەبێت سەرەڕای کاریگەرییە ئەدەبییەکەی وەک شکست خواردوو تەماشا بکرێت.

**بەڵگەی دووهەم: ئەفلاتون/** سوقرات پێیوایە، ڕۆحی مرۆڤ بەر لە بوونی ئەزموونی خۆی لەناو جەستەدا، زەمەنێک بوونێکی سەربەخۆ دەگوزەرێنێت. دەشیەوێت بەم فکرانە بکات بە کۆڵەکەی ئەم تێزە:

هەموو مرۆڤێک خاوەنی دیدگەل و زانیاری گەلێکە، دەتوانین نیشانیان بدەین، کە ناکرێت و ناشێت لە ڕەوتی ژیانی سەر زەویدا بەدەستی هێنابن. زانیاریی و دیدی لەو جۆرەی کە پەیوەندیدار بن بە (فکرە) ەوە. بۆ نمونە هەموو کەسێک دەزانێت لە یەکسانی زاف و بێلەکەدا، چی بهێنێنە پێش چاوی خۆی. ئێمە دەستەواژەی ئەو لێکچووییە سەد دەر سەدە، کاتێک بەکاردەهێنین کە دوو شتی ئاشنا بۆ نموونە دوو خشت، یاخود دوو کۆڵەکە بخەنە بەر دەممان، سەد دەر سەد یەکسان نین، بەڵکو بەپێی درێژیی و کێش لەیەک جوودان. ئێستا ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە ئێمە لەناو کەرەسنە و مادەی ئەزموونکراودا، هەرگیز دوو شت نادۆزینەوە، کە لە هەموو ڕوویەکەوە یەکسان بن. کەوابێت یەکسانی تەواو ناشێت لە ئەزموونەوە سەرچاوەی گرتبێت. کاتێک بەکاریدەهێنین، دەبێت لە وجودێکی بەر لە ژیانی ئەرزییدا لەڕێی بینینی ئەو فکری یەکسانییەوە فێری بووبین. لەژێر ئەو هەلومەرجەدا دەتوانین تێبگەین، کە واتای ڕاستەقینە و کنومنی وشەی (یەکسان) چییە.

ئەفلاتون جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو یەکسانی و لەیەکچووییە،

ئەنها نمونەیەکە لەسەر فکرە. وەک نموونە ئاوەڵناوەی مۆراڵیش بەکاردەهێنیت وەک (دادپەروەر)، ئیستاتیکایی وەک (جوانی). دەبێت ئەوانە هەمووی وەک فکرەیە تەماشا بکرێن، گەر بمانەوێت لە مانای ڕاستەقینەی ئاوەڵناوێک یان دەستەواژەیەکی لەو چەشنە تێبگەین.

گرنگە مرۆڤ چاودێری ئەوە بکات، کە پلاتۆن بۆ دەستپێکی بیرناسییەکەی ڕوون و ئاشکرا سەرەتا ئەو جۆرە دەستەواژانە دەکاتە بنەما، کە (تەواوی) و تا ڕادەیەک ستانداردیی لە ناوەڕۆکیاندایە. لە دەستەواژەکانی ماتماتیک و قیمەت دیاریکردندا، ئەزموون هەرگیز ئەو پێوەرانەمان لە ستانداردا نادات. هیچ ڕاستەهێڵەیەکی ئەزموونکراو کتومت ڕاست نییە، هیچ نیوە ئیرەیەک لە یەک تاقە خاڵدا بە بازنەیەکی ئەزموونکراو ناگات، هیچ کردارێکی مرۆڤ سەد دەر سەد و بەتەواوی دادپەروەرانە نییە، هیچ شتێک لەسەر زەوی زاف نییە لە جوانییدا، بۆیە کەرەستە و مادە ئەزموونکراوەکان، تەنها فکرەی واتا ڕاستەقینەکەمان بەبیر دەهێننەوە. لە دەستەواژەی گشتی دیکەدا ئەو فکرەیە تەواو قەناعەت بە مرۆڤ ناکات: پشیلەیەکی ئاسایی، دەتوانێت نوێنەرایەتی تەواوی وشەی پشیلە بکات، هەموو گلۆپێک کە ئەرکی گلۆپێتی خۆی بەجێدەهێنێت، بە پڕاوپڕی مانەکەی خۆی گلۆپە.


ئەفلاتون

دوائریش دەبینین ئەفلاتون چۆن هەوڵدەدات لەو حاڵەتانەشدا تەواوی هەموو نمونە ئەزموونییەکان بسەلمێنێت.

ئایا مەسەلەی دەستەواژەی تەواو (پێرفێکت) بەو چەشنەیە، کە ئێمە ناتوانین لە ئەزموونەوە بەدەستی بهێنین؟ هەر بۆیەش دەبێت لەو مەودایەی تێزەکەی ئەفلاتوندا قبوڵی بکەین، کە فێربوونی ئەو وشانە تەنها دەکرێت لەڕێگەی فکرەی پێش لەدایکبوونەوە ڕوون بکرێتەوە؟

ئەفلاتون لێرەدا دیارە کێشەی زانینی بێ ئەزموون، یاخود ئەزموون نەکراوی ئاشکرا کردووە و هەوڵدەدات بە ڕێگای خۆی چارەی بۆ بدۆزێتەوە. ئایا ناچارین ڕێگاچارەی ئەم کێشەیەی قبوڵ بکەین؟ لێرەدا دەبێت لانی کەم دان بەوەدا بنێین، کە دەستەواژەی وەک دادپەروەر، یاخود یەکسانمان لە سایەی ئەزموونەوە بەدەست نەهێناوە، لە کاتێکدا وشەی وەک پشیلەمان لەڕێی بینینی چەند تاقە پشیلەیەکەوە بەدەستهێناوە. تاوەکو مرۆڤ وێنەیەکی سەبارەت بە یەکسانی هەبێت، پێویست ناکات دوو کەرەستەی تەواو یەکسان لەبەر دەمیدا بێت،

## ڕۆح چەند جەستەیەك کۆن دەکات و دواجار بەهۆی نوێبوونەوەی هەمیشەیی جەستەوە، هێندە ماندوو دەبێت، کە دواهەمین جەستە ئەو لەناودەبات

بەڵکو تەنها نزیک بوونەوەیەک لەو یەکسانییە بەسە، ئەگەر ئەو پرۆسەیەش بە ئایدیالیزەکردن ناوزەند بکەین، ئەوا نیشانیدەدەین کە ئێمە کێشەکەی ئەفلاتونمان بە چەشنێکی دیکە چارەسەر کردووە، هەر بۆیە بەڵگەی دووهەمی نەمری ڕۆح، مەرج نییە قەناعەتمان پێبکات.

**بەڵگەی سێهەم: بەڵگەی خزمایەتی ڕۆح لەگەڵ جیهانی فکرەدا درێژە بە گفتوگۆی پێشوو دەداتەوە.** لێرەدا تێکۆشان بۆ زانست کە فەیلەسوف لە خەڵکانی دیکە جودادەکاتەوە، ئێستا وردتر وەک ئامەزرۆیی ڕۆحی بۆ جیهانی زەین تەفسیر دەکرێت، جیهانێک کە لە زەمەنی پێش لەدایک بوونییەوە پێی ئاشنایە. ڕۆح (بەتایبەتی بۆ فەیلەسووف) سەرنجی لەسەر فکرەکان، واتا جیهانی نادیار، بەڵام واقیعی ڕاستەقینەیە، و بەپێچەوانەوە سەرنجی جەستە لەسەر جیهانی ئەزموونیی و شتە ڕاگوزەرەکانە، چونکە جەستە خۆی بە مادە ئەرزییەکانەوە شووناس دەکات و بەرژەوەندی لەگەڵیانە و خزمی ئەوانە، ئەوا دەبێت لە چارەنووسی ڕاگووزەرییشیاندا بەشدار بێت. ڕۆح، کە ڕووی لە جیهانی بیرۆکەکانە و لە پێش بوونەوە پێیان ئاشنایە و لە توانایدایە پەییان پێ بەرێت، ئەوا وەک ئەوان جاویدانیشی پێ دەبرێت. لەکاتێکدا ئێمە ئێستا لە ئەزموونەوە دەزانین (لێرەدا بەڕاستی لاشە مۆمیاکانی میسرەکان بە نموونە دەهێنرێنەوە) کە جەستە لەپاش جوودابوونەوەشی لە ڕۆح بۆ زەمەنێکی درێژ دەمێنێنەوە، کەوانە دەبێت ڕۆح، کە لە خانەوادەی بیرۆکە ئەبەدییەکانە، جاویدانییەکەی چەندە زیاتر مەرگی تاکەکەسەکان تێپەڕێنێت!

ئەم فکرەیە دووبارە لەڕووی ئەدەبییەوە کاریگەرە و لەڕووی هەست و نەستیشەوە قەناعەت پێکەرە. ئێمەش هەمیشە باس لەوە دەکەم، چی شتێک لە مرۆڤدا ڕاگوزەرە و لەو شتانە جیایان دەکەینەوە، کە دەشێت ئەبەدی بن. لەو دۆخانەدا بیر لەو کارانە دەکەینەوە، کە ئیندیڤیدواڵێک، تاکەکەسێکی گرنگ لەپاش خۆی بەجێی دەهێڵێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەڵگەیە کوشنەی کۆمەڵێک لاوازییە: گەر ئێمە جیهان لەلایەکەوە بەسەر بینراو و ڕاگوزەر و لەلایەکی دیکەوە بەسەر نادیار و جاویددا دابەشبکەین، جەستە بکەین بە خزمی بەشێک، لەبەرئەوەی بە مادەوە پەیوەستە و ڕۆح بکەینە خوشک و برای نادیار و ئەبەدییەت، لەبەرئەوەی بابای جیهانی فکرەکانە، ئەوا حیسابێکی ئێجگار کەم بۆ جەستە و حیسابێکی ئێجگار زۆریش بە ڕۆح دەکرێت. جەستە لە خانەوادەی جیهانی بینراو و مادەکان نییە، بەڵکو بەشێکە لەوان. ڕۆحیش، تەنها لەبەرئەوەی مەیلی لێیەتی و دەیەوێت بیرۆکەکان بەدەستبهێنێت، نابێت بە خزم و بەشێک لە جیهانی بیرۆکەکان، بە چەشنێک کە وەک ئەوان بێت، یاخود لەوان بچێت. جەستە ڕاگوزەر نییە، لەبەرئەوەی عاشقی شتە ئەرزییەکانە، چونکە لەبەرئەوەی بەشێکە لە جیهانی ئەرزی. لەبەر مەیلی ڕۆح بۆ فەزای فکرەکان هیچ دەرەنجامێک لەبەرژەوەندی چارەنووسی ناکەوێتەوە. زانای ماتیماتیک شێوەی وەک ژمارەکان لێ نایەت، ئاژەڵناسێکیش کە سەرقاڵی توێژینەوەیە لە ماسی، دەشێت مەلە نەزانێت.

**بەڵگەی چوارەم:**

بەرلەوەی بەتەواوی بڕۆینە ناوەڕۆکی بەڵگەی چوارەوەمەوە، پێویستە ئاماژە بە ڕەخنەکانی

هــەردوو ئـاوەڵـە سەرەکییەکی گفتوفۆی سوقرات بکەین، لەسەر بـەڵـگـەی سـێـهـەم؛ سیمیاس و کێبێس. سیمیاس دەڵێت: ڕۆح نادیارە، هەموو شتێکی نادیار پاش هەڵگرە مادییەکەی خۆی درێژە بە بوون نادات. دەنگ (هارمۆنیا) ی وا دەکات ئالەتی مۆسیقایەک بەکاربێت، بەڵام لەپاش تێکشکانی ئـالـەتـەکـە بـوونـی نامێنێت. ڕۆحیش بە هەمان شێوە دەشێت هارمۆنیای جەستە، هاوسەنگی ڕاگری بەشەکان و پرۆسەکانی جەستە بێت، کە وەک ئالەتی مۆسیقاکە لەپاش هەرەسهێنانی هارمۆنیاکە نەمێنێت.

لـەلایـەکـی دیـکـەوە کێبێس پێیوایە: مانای نییە ڕۆح لە ڕەوانی بوونی زەمینییدا، تەنها بۆ یەک جەستە حیساب بکەیت. لەڕاستیدا مرۆڤ لە ڕەوتی ژیانیدا ژمارەیەکی زۆر لە جەستە لەڕێگای فڕێدان و نوێکردنەوەی بەشەکانی جەستە، خەرج دەکات. بەو چەشنە بێت، کـەوانـە لەڕاستیدا ڕۆح چەند جەستەیەک کۆن دەکـات، بەڵام دواجــار بـەهـۆی نوێبوونەوەی هەمیشەیی جەستەوە، هێندە ماندوو دەبێت، کە دواهەمین جەستە ئەو لەناودەبات، ئەگەرچی جەستە کورت تەمەنتریش بێت لـەو؛ بـەرگـردرووەیـەکـیـش لە ڕەوتـی ژیانیدا چەندین بەرک دەپۆشێت، تەمەنی لە تەمەنی هەموو بەرکەکانی درێژترە، بەڵام دەشێت دواهەمین بەرک مەرگی بەرگدرووەکە تێپەڕێنێت. بەو شێوەیە دەشێت تینی ژیانی ڕۆح، ڕۆژێک لە ڕۆژان هێند لاواز بێت، کە کنومت لەو حاڵەتەدا مەرگ بێنە ئاراوە.

وەڵامی سوقرات بۆ سیمیاس سـەبـارەت بە تیۆری هارمۆنیا زۆر کـورتـە؛ ڕسـتـەیـەک کە دەڵێت، کە جیاوازی ڕۆح لەگەڵ جەستەدا، کنومت لە بوونی ئەو هارمۆنیایەدایە، بەڵام هارمۆنیای هەیە نەوەک هامۆنیا بێت.

داواکـەی کێبێس لە سوقرات ئاوەکو بۆی بسەلمێنێت، کە ڕۆح ئەبەدییە نـەوەک تەمەندرێت. چەند ڕوونکردنەوەیەکی تیۆری و بەڵگەی دیکە بـەدوای خۆیدا دەهێنێت. جەوهەری ڕاستەقینەی تیۆریسازی سوقرات/ئەفلاتون تیۆرییەکە لەسەر بنەمای هۆکار، کە لەو چەشنە ڕوونکردنەوە مادییەی هەتا ئێستای ئەم دوو فەیلەسووفی سروشتە لە بنەڕەتدا جیاوازە. ئەو ستانداردە ئایدیالانەی کە سوقرات هەتا ئێستا وەک مانای وشەی وەک مـرۆڤ، جـوان، یەکسان و هتد بەکاریهێناون، لەلایەن سوقرات و ئەفلاتونەوە تەنها بە چەشنێک تەماشا دەکـرێـن، کە شتگەلی ئەزموونیی تەنها بەهۆی لەیەکچوونیانەوە لە ستانداردەکان و کنومت ئەو لێکچوونیە وایان لێدەکات ئـەوە بـن کـە هـەن. گـەر بپرسین، بۆچی ئـەو شتە جوانە، ئەوا ئاکە وەڵامی ژیرانە ئـەوەیـە: لەبەرئەوەی بەشێکی هەیە لە فکرەی جوانی. سوقرات لە سیمیاس بچوکترە، سیمیان لە فایدۆن بچووکترە، ئەمەش واتا، تەماشای سوقرات بکەین، ئەوا سیمیاس بەشێکی هەیە لە فکرەی گەورەیی، گەر تەماشای فایدۆن بکەین، ئەوا بەشێکی هەیە لە فکرەی بچووکی. بـەو چەشنە دەشێت شتە ئەزموونییەکان بەپێی بـارودۆخ و زەمـەن خاسییەتی جیاواز و پێچەوانەیان هەبێت، بەڵام نەوەک خودی ئەو ستانداردە ئیدیلانەیان هەبێت؛ (خـودی گەورە) هەرگیز بچووک نابێت و (خوودی جوانیش) هەرگیز ناشرین نابێت.

بەمەش بەس نەبوو: شتگەلێک هـەن نـاچـارانـە بـە فـکـرەوە پەیوەستن: ئـەو شتگەلە بەر دەرچوونیان لـەو پەیوەستنییە، بوونی خۆین دەدۆڕێنن. سەرەتا سـوقـرات پەیوەستی ئـاگـر بە فکرەی گەرمییەوە وەک نمونە دەهێنینەوە، هەروەها پەیوەستیی بەفریش بە فکرەی ساردییەوە، پـاشـان پـەیـوەنـدی سێینە بە (ڕێـکـی) و (ناڕێـکـیـی) یـەوە. لـێـرەدا سـوقـرات، ئـاوەکـو ئەم نمونانە لەسەر پەیوەندی ڕۆح و جەستە پیادە بکات، کەمێک ئاڵۆز قسەدەکات، ئەمەش حاڵی بوون لێی کەمێک سەختتر دەکـات. لەجێی ئـەوەی بڵێت: سێهینە ناڕێکی لەگەڵ خۆی دەهێنێت و ناڕێکی ژمارەیەکیش ڕێگا بە ڕێکی نادات، سوقرات دەڵێت: سێهینە ڕێگا بە ڕێکی نـادات، چونکە ناڕێکی لەخۆ گرتووە. هەروەک چۆن سێینە ناڕێکی لەگەڵ خۆی

دەهێنێت و ڕێگا بە نارێکی نادات، بەو چەشنەش ڕۆح وەک بنەمای ژیان، ژیان لەگەڵ خۆی دەهێنێت و ڕێگا بە مەرگ نادات. بەو جۆرەش ئاگر گەرمی دەبەخشێت بەوانەی کە لێی نزیک دەبنەوە و بەفریش هەرچییەک توخنی بکەوێت ساردی دەکاتەوە. ئاگر کە هەر شتێک بەریبکەوێت گەرم دەبێت، ناتوانێت ساردی لەخۆیدا هەڵبگرێت، بەفریش بەرگەی گەرم بوون ناگرێت. هەر بەو جۆرەش ڕۆح، کە ژیان دەدات بەو جەستەیەی کە تیایدایە، ناتوانێت مەرگ لەخۆی بگرێت، بەڵام لەبەرئەوەی کنومت ژیان یەکێکە لە خاسییەتەکانی ڕۆح، ڕۆح لەگەڵ هاتنی مەرگدا لەناو ناچێت، کەوابێت چونکە خۆی نەمرە، دەبێت پاشەکشێ بکات و جەستە چۆڵ بکات.

ئەم بەڵگەیە کە تەفسیری بە گشتی و لە وردەکاریدا قورسە و لە مشتوومڕی زانایاندا گومانی لەسەرە، بەدەست لێڵی و لاوازییەوە دەناڵێنێت.

لەڕاستیدا ئاگر گەرمە، بەڵام لەیەکخشان گەرم نییە، بەڵام گەرمیش دەبەخشێت، شەراب مرۆڤ مەست دەکات، بەڵام خۆی مەست نییە. کێشەکە لەودایە لێرەدا ئەفلاتون ئەو هەڵەیە دەکات، ڕۆح وەک مارەیەک، سوبستانسێک تەماشادەکات، کە ژیان بە جەستە دەبەخشێت، وەک چۆن ئاگر گەرمی و بەفر ساردی دەبەخشێت. کنومت لەوەدا گومان هەیە، کە ئاخۆ مرۆڤ دەتوانێت ڕۆح وەک مادە تەماشا بکات.

بەو جۆرە بەڵگەی چوارەمیش لە (فادیۆن) دا بۆ سەلماندنی نەمری ڕۆح ئامانجی خۆی ناپێکێت. ئەوەی کە ئەفلاتون ئەو بەڵگەیە بە هەند وەردەگرێت، مرۆڤ تەنها دەتوانێت لەژێر پاساوی ئەوەدا، تێگەیشتنی بۆ هەبێت، کە ئەفلاتون بێدەنگانە ئەو بۆچوونەی کردووە بە بنەمای تێزەکەی، کە گوایە ڕۆحی مرۆڤ لەڕاستیدا سەر بە مەملەکەتی فکرەکانە و دەربەدەرو دانیشتوانێکی ئەفسووناوی ناو جیهانی ئەزموونییە و هەروەک بۆقی ناو چیرۆکە ئەفسانەییەکان پێویستی بە ڕوودانی چەند کردارێک دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە سەر دۆخەکەی جارانی. لەنێوان جیهانبینی ئەفلاتون و ئارگومێنتەکانی دەلاقەیەکی پڕتیش دەمێنێتەوە، بێزارکەر وەک مەودای نێوان فکرەی پێرفێکت و هەموو پەیبەرێنێکی ئەزموونیی سەر ئەم زەمینە.

ئێمە لێرەدا تەنها لە چەند هێڵێکی سەرەکی فکرەکانی ئەفلاتون ڕاماین. لەگەڵ ئەوەشدا تەنها ئەو بۆچوونە ڕەخنەییانەمان تۆخکردەوە، کە دەشێت بەگژ بەڵگەکانی ئەفلاتوندا بیانکەین. ئەمە کارێکە بەگشتی لەبەر ترسێکی بەدحاڵی بوون لە ئەفلاتون کەس خۆی لێنادات، بەڵام گەورەیی فەیلەسوفێک لە دروستی بیروبۆچوونەکانیدا نییە، بەڵکو لە ئەسڵ و ڕەسەنی پرسیارەکانیدایەتی. ئەفلاتون یەکەم بیرمەندی مێژووی ئەوروپایە، کە هەوڵیداوە کێشەی زانستی تیۆری و ئۆنتۆلۆژیا و ئێتیکی و ئێستاتیکایی لەسەر بنەمای تیۆرییەکی یەکینەیی، لەسەر بنەمای فکر چارەسەر بکات. بەڵگەکانیشی، ئەگەرچی مرۆڤ لە ڕوانینی وردتردا دەتوانێت زەفەریان لێ بهێنێت، لەم سەردەمەشدا هێشتا واتلێدەکەن بیربکەینەوە، هێنانەوەی کێشەکانی، نەوەک چارەسەرەکانی ئەفلاتون، ڕێگایان بۆ مێژووی فەلسەفەی پاش خۆی دیاریکردووە. بەو مانایەش، پڕاو پڕ بەو مانایە (واینهید) لە ناهەق نەیوتووە: سەرلەبەری فەلسەفەی ئەوروپی، پەراوێزی ئەفلاتونە.

**سەرچاوە:**
Klassiker des philosophischen Denkens Teil 1
Deutscher Taschenbuch Verlag GmbH & Co, KG, Muenchen



ئیسلامی سیاسی
له توركیا



عەرەبستانی سعودی،
وەهابییزم و بڵاوبوونەوەی
فاشیزمی ئایینی سوننی



ئیسلامگەرا